سلێمانی…لابردنی بەڕێوەبەری لقی بانکێك□ لە پۆستەکەی

سۆران عومە‌ر، ئە‌ندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگە‌یاند، لە‌سە‌ر خە‌رجکردنی دوو چەکی بانک بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بانکی TBI لەپۆستەکەی لابراوە‌. سۆران عومە‌ر لە‌ هە‌ژماری تایبە‌تی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویکردە‌وە‌، "لەسەر سەرفکردنی دوو چەکی بانکی بەبڕی سێ ملیارو 700 ملیۆن و 100 هەزار دۆلار، داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری بانکی بازرگانی عێراق/ لقی سلێمانیم کرد تاکو سکاڵای دۆسێکە لەدادگای دەستپاکی دەگاتە ئەنجامی کۆتایی".

ئاماژە‌ی بە‌وە‌شکرد□، لە ئێستادا بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بانکی TBI "لە پۆستەکەی لادراوە" و لەدادگای نەزاهەی کەرکوک لێکۆڵینەوە لەو دۆسێ دەستی پێکردوە، بۆ ئەوەی هەرکەس لەو با بەتە بەرپرسیارە سزای یاسایی وەرگرێ.